
dengekan
Signature Valid
Digitally signed by dengekan
DN: cn=dengekan, o=Goran, c=CA
Date: 2002.10.14 22:21:40 -06'00'

# ئازادیی زمانبڕین

**حەمەسەعید حەسەن**

ڕۆژێکی زستانی سەرەتای ساڵانی هەشتا، لە سەنتەری سلێمانی، لە چایخانەکەی مام عەلی دانیشتبووم، دوو ئاسایش هاتن، پۆستەرێکیان کە پیاوێک بوو، قوفڵێک لە دەمی درابوو، هەڵواسی. کە لە کوردستانی نوێی ڕۆژی ١٩٩٥/١/٢٣ دا، وێنەی سەرۆ قادری سەرنووسەری (گوڵان)م بینی، ینک زمانی دەبڕێت، ئەو پۆستەرەی سەروەختی بەعسم بیر کەوتەوە و لە دڵی خۆمدا گوتم، بەعس لە ینک دلۆڤانترە، ئاخر دەم پێ داخستن، لە زمانبڕین ئەهوەنترە.




من بەش بە حاڵی خۆم ئاوارەی دەستی بەعسم و تەنیا لە هەندەرانەوە نا، لە کوردستانیشەوە، دژایەتی بەعسم کردووە و بە هەمان چاو سەرنجی هەموو داگیرکەرانی کوردستانم داوە و چیم لە دژیان لە دەست هاتبێ، درێغیم نەکردووە. ئەوە یەکێتی و پارتین، دۆستی داگیرکەرانی کوردستانن و گا پێش لەشکری عێراق و گا پێش لەشکری تورکیا و گا پێش لەشکری ئێران دەکەون و لە تەنگانەشدا بە هانایانەوە دەچن؛ ئەوە نییە پشتگیری لە کۆنە سەرلەشکری بەعس، لە قارەمانی ئەنفال: نیزار خەزرەجیش دەکەن! ڕەخنەی من لە سەرانی کورد، لە سەنگەری داکۆکی لە کورد کردنەوەیە و لە سۆنگەی ئەوەوەیە کە پاڵەوانانی بواری کورد بە کورد بە کوشتدانن.

ئەوانەی داوای شکاندنی قەڵەمەکەم دەکەن، گەر دەستیان بڕوا زمانیشم دەبڕنەوە؛ ئەدی هەر ئەوان نەبوون، زمانی (ئەبوبەکر عەلی)ی هاوڕێمیان بڕییەوە؟

2002. 10. 15